له ئوممەتانی پێش ئێوە کەسێک هەبوو برینێکی پێوە بوو، وئارامی نەگرت لەسەر ئازاری برینەکەی، بۆیە چەقۆیەکی هەڵگرت، وکردی بە برینەکەی دەستیدا، وخوێنی بەربوو، وەفاتی کرد ومرد، اللە فەرمووی: بەندەکەم ئارامی نەگرت وخۆی تیابرد، وبەهەشتم لەسەر حەرام کرد

لە حەسەنەوە فەرمووی: جوندوب کوڕی عبد اللە -ڕەزای خوای لێبێت- لەم مزگەوتەدا هەواڵی پێداین، وە هەموو قسەکانیمان لەبیرە وهیچمان لەیاد نەکردووە لەو کاتەوەی هەواڵی پێداوین، وە گومانمان نییە لە ڕاستگۆیی جوندوب ودرۆ ناکات بەدەم پێغەمبەری خوداوە -صلی اللە علیە وسلم-، دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- فەرموویەتی: «لە ئوممەتانی پێش ئێوە کەسێک هەبوو برینێکی پێوە بوو، وئارامی نەگرت لەسەر ئازاری برینەکەی، بۆیە چەقۆیەکی هەڵگرت، وکردی بە برینەکەی دەستیدا، وخوێنی بەربوو، وەفاتی کرد ومرد، اللە فەرمووی: بەندەکەم ئارامی نەگرت وخۆی تیابرد، وبەهەشتم لەسەر حەرام کرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هەواڵی پێداوین کە لە ئوممەتانی پێش ئێمە کەسێک هەبوو وبرینێکی پێوە بوو، وئارامی نەگرت لەسەر ئازاری برینەکەی، بۆیە چەقۆیەکی هەڵگرت ودەستی پێ پڕی وهەوڵی خۆ کوشتنی دا، وخوێنی دەستی نەوەستایەوە و وەفاتی کرد، اللە -تعالی- فەرمووی: بەندەکەم ئارامی نەگرت وخۆی تیابرد، بۆیە بەهەشتم لەسەر حەرام کرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2981